نامە



# نامە بۆ (ڕێبوار سەعید)ی هونەرمەند

کاروان عومەر کاکەسوور

jineftin.krd

نامە، شێوەکاری

ماڵپەڕی ژنەفتن ٢٠٢١

jineftin.krd

بیســـت ســـاڵ زیاترە لە نزیکەوە دەتناســـم. پێشـــتر بەرهەمەکانتم دیبوون و دەمزانی یەکێکیت لە هونەرمەندە جیاوازەکانمان. لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە هەولێر بە هەندێک لە تابلۆکانت ئاشـنا بووم. لە سـاڵی (١٩٩٨) کۆمەڵەچیرۆکی (ئەسـپیدیلۆن)م لە ڕێگای پۆسـتەوە بۆ ناردیت. هەر ئەودەم پارچەیەکی ڕۆمانی (ئای لەڤیلیا لەڤیلیا!)مت لەسـەر یەکێک لە بەرهەمەکانتدا نووسییەوە، کە هێشتا بۆ چاپم نەناردبوو. سـاڵی (2001) لە کۆپینهاگن یەکترمان بینی، کە ئەودەم پیشانگایەکت بۆ بەرهەمەکانت کردبووەوە. لەوێ لـەبـارەی هونـەرەوە گفتوگۆمـان دامەزرانـد. لە هـاوینی (٢٠٠٩) جـارێکی تر لە کۆپینهاگندا پیشـــانگات کردەوە، کە لەگەڵ هاوڕێیان (میدیا بێگەرد)، (ئاڤان فەتاح)، (ئەنیتا ئێســـپاندەر)، (ســـاکار جەمال)، (نیاز بەیاتی)، (ئاراس وەهاب)، (گۆران هەڵەبجەیی)، (کامەران ئیبراهیم)، (ئالان پەری) و زۆری تردا کاتێکی خۆشـــمان بە ســـەر برد. هەر دەمودەســـت بابەتێکم لەبارەی پیشـــانگاکەتەوە نووســـی و لە کۆرێکداپێشکەشم کرد، کە دەبێتە ناوەرۆکی ئەم نامەیەم.

تۆ لەو هونەرمەندانەیت، کە چ لە هونەرەکەی خۆیان و چ لە هونەرەکانی دیکەیش ئـاگـادارن. هـەمیشـــە لـەگەڵ تۆدا دەتوانم بـەبێ دوودڵی بۆچوونی خۆم دەرببڕم. ئـەو هێمنییەت وام لێ دەکات، بەئاســـانی ســـەرنجەکانمت پێ بڵێم، بەتایبەتی کاتێک ئەو ســـەرنجانە پێوەندییان بە بەرهەمەکانی خۆتەوە هەیە. زیاتر گوێ دەگریت، لەوەی بدوێیت، مەگەر جارجار لەبارەی سـەرنجەکانمەوە شـتێک ڕوون بکەیتەوە. وەک بڵێی بەچاکی لەوە تێگەیشـتبێتی، کە تۆ لە ڕێگای ڕەنگ و هێڵەوە قسـەی خۆتت کردووە و ئینجا نۆرەی منە لەبارەیانەوە بدوێم. لە بەرهەمەکانتدا هیچ شـــتێک نابینم، جیاواز نەبێت. هیچ خاڵێکم بەرچاو ناکەوێت، هیی ئەوە بێت بەئاســانی لێی تێبپەڕم و بەقووڵی بیری لێ نەکەمەوە. ئەم جیاوازییە گەورەیە جۆرێک پارادۆکســـی لای هەندێک بینەر دروست کردووە، کە وا بزانن بەرهەمەکانت بەشێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتر دەچن. لای تۆ تەکنیکێک هەیە، کە دەتوانم ناوی زۆربوون (Reproduction)ی لێ بنێم.



من ئەگەر (تیۆریی پەرەسەندن)ی (داروین) کۆمەکی نەکردبام، لەو پرۆسێسە نەدەگەیشتم و وام دەزانی جۆرێک لەیەکچوون لە کارەکانتدا هەیە. لە (تیۆریی پەرەسەندن)ی (داروین)دا ئەوە تێدەگەین، کە هەر گیاندارێک لە گیاندارێکی دیکە جیاوازە، با ئێمە لە شێوەی دەرەوەدا ئەو جیاوازییە بەڕوونییش هەست پێ نەکەین. هەموو زۆربوونێکیش شێوەیەکی ئەندازەییی هەیە. واتە دوو دەبێتە چوار و چوار دەبێتە هەشت و هەشت دەبێتە شانزدە و... هتد. لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە، کە تۆ لە کاتی بەرهەمهێناندا پشتت بەو تیۆرییە بەستووە، بەڵکوو دەمانەوێت بڵێین هونەر ئەگەرچی تا ڕادەیەکی زۆر پرۆسێسێکی ڕووالایی (Spontaneous)یانەیە، بەڵام ئەوەی کار دەکاتە سەر قووڵیی ئەو هونەرە، بوونی دیدگای فەلسەفییە. کاتێک بە قووڵی سەرنج لە دنیا دەدەین، سەرنجەکانمان لەگەڵ سەرنجی هەموو ئەوانەدا بەر یەک دەکەون، کە بە قووڵی لە هەمان دنیایان ڕوانیوە. لێرەوەیە سەیر نییە، کاتێک دەبینین شێوەکارێک و شاعیرێک و ڕۆماننووسێک و فەیلەسووفێک بەبێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێت، سەرنجیان لە بابەتێکی هاوبەش داوە، بەڵام هەر یەکەیان بۆ

گەیشتن بە قووڵاییی ئەو بابەتە، کەرەستەی خۆی بەکار هێناوە. وەکوو چۆن لەیەکچوون لە سادەییدا هەیە، لە قووڵاییشدا چ لەیەکچوون و چ جیاوازی هەن، بەڵام ئەوەی قووڵایی لە سادەیی جیا دەکاتەوە، بوونی جیاوازییە لەنێوان قووڵاییەک و قووڵاییەکی دیکەدا، لە کاتێکدا ئاسان نییە تۆ جیاوازی لەنێوان سادەییەک و سادەییەکی دیکەدا بدۆزیتەوە. ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سادەیی لە جووڵە و ئاراستە بێبەشە. سادەیی لە ئاستی خۆیدا دەمێنێتەوە و کارلێک لەگەڵ شتەکانی دیکەدا دروست ناکات، بەڵام قووڵایی بەرهەمی جووڵە و ئاراستەی شتە جیاوازەکانە، کە دیدگای داهێنەر بزوێنەریانە، بۆیە سەرچاوەی هەموو قووڵاییەکیش، هەر سادەییە. بە مانایەکی دیکە، سادەیی لە ڕێگای کۆمەڵێک پرۆسەسی گۆڕانەوە دەبێتە قووڵایی. ئەگەر داهێنەر دەتوانێت لە سادەییەوە بەرەو قووڵایی هەنگاو بنێت، بەڵام هیچ ڕێگایەک لە قووڵاییەوە نامانباتەوە ناو سادەیی. کاتێک لە ڕێگای هونەری تۆوە (تیۆریی پەرەسەندن)ی (داروین)مان بیر دەکەوێتەوە، بە تایبەتی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ گیانلەبەر و چەمکی زۆربووندا، ئەوە ئەنجامی ڕوانینی قووڵی تۆیە بۆ ئەم دنیایە، دەنا لە بەرهەمەکانتدا جەستە لەژێر دەسەڵاتی بایۆلۆژیادا نەماوە و وەکوو بوونەوەرێکی سەربەخۆ هەڵدەسووڕێت. (داروین) ئەو زۆربوونە بە (هەڵبژاردنی سروشتی Natural Selection)ەوە دەبەستێتەوە، بەوەی هەر گیاندارێک لەپێناو مانەوەدا لەگەڵ (ئەویدیکە)دا دەکەوێتە شەڕەوە بۆ بەدەستهێنانی شوێن و خۆراک. ئەنجام ئەوانەی هەڵگری جۆرە خەسڵەتێکن، کە لەگەڵ دەوروبەردا گونجاوە، دەمێننەوە. لای تۆ مانەوە بۆ ئەوانەیە، کە زیاترین ڕەگەزی هونەری لە خۆیان دەگرن. لەم تێگەیشتنەوە زیاتر لە گیانلەبەرە





هونەرییەکانت نزیک دەبینەوە و جیاوازیی نێوان هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوی دیکەیاندا هەســـت پێ دەکەین. دەتوانین ئەوە بێنینە بەرچاومان، کە تۆ خۆت زۆر خۆڕســـکانە پرۆسێسی (هەڵبژاردنی سروشتی Natural Selection)ت گرتووەتە ئەستۆ و هەر خۆیشـــت ویســـتووتە چ جۆرێکی گیاندار لەناو ببەیت و چ جۆرێک بهێڵیتەوە. بە مانایەکی دیکە، چی پیشـانی ئێمە بدەیت و چیمان لێ بشاریتەوە. لای (داروین) گۆڕان خاوە. گیاندارەکان نەوە لە دوای نەوە دەگۆڕێن. کەواتە لەپاڵ شـــوێندا، کاتیش ڕۆڵێکی گەورە لەم گۆڕانەدا دەبینێت. هەردوو ڕەگەزی کات و شـــوێن لە بەرهەمەکانتدا کاریگەریی گەورەیان لەسەر پرۆسێسی ئەو گۆڕانەدا هەیە. ئەگەر لە شوێنێک خاڵێک نیشـان بکەین و لە شـوێنێکی دوورتر خاڵێکی دیکە، ئەوە بێگومان جیاوازیی ئەو دوو خاڵە بەئاشکرا هەست پێ دەکەین، لە کاتێکدا ئەو جیاوازییە لەنێوان خاڵێک و خاڵەکەی تەنیشـــتی، یان بە مانایەکی دیکە گیاندارێک و گیاندارەکەی تەنیشـــتیەوە، کەمتر دەدۆزینەوە. بۆیەیش دەڵێین خاڵێک لە شـــوێنێکەوە دیاری بکەین و خاڵێکی دیکە لە شـــوێنێکی دوورتر و نـاڵێین ســـەرەتا و کۆتـایی، چونکە لای تۆ ســـیســـتـەمی کرۆنۆلۆژییانەی مێژوو تێکشـــکاوە و لە شـــوێنیدا کاتی بازنەیی دامەزراوە، کە دواتر بۆی دەگەڕێینەوە. لە (تیۆریی پەرەســـەندن)ی (داروین)دا شـــەڕی گیانلەبەر لەگەڵ ســـروشـــت لەلایەک و لەگەڵ جۆرەکەی خۆی لەلایەکی دیکەدا، بەندە بەوەی ئەو گیاندارە چ خەسڵەتێکی تایبەتی لە خۆیدا هەڵگرتووە، تا بتوانێت لەم شـەڕەدا بەهۆیەوە ســەرکەوتن بە دەســت بهێنێت. لێرەدا هەڵوێســتەیەک دەکەین، بەوەی لەم پرۆســێســی ســـەرکەوتنەدا خەســـڵەتی جیاوازجیاوازی وەکوو هێز، خێرایی، زیرەکی، ئازایەتی، ڕەقیی ئێسقان، نەرمیی جەستە، جوانی و زۆری دیکە ڕۆڵ دەبینن، کە دەشێت یەکێک لەو خەسـڵەتانە لە دەورووبەرێکی دیاریکراودا ســەرکەوتن بە دەســت بهێنێت و مانەوە مسۆگەر بکات. لای تۆ ئەگەرچی وەکوو پێشوو ئاماژەمان پێ کرد، زۆربوون هەیە و بەندە بە خەسـڵەتی هونەرەوە، بەڵام شـەڕ لەپێناو مانەوەدا نییە، بگرە هەوڵێک هەیە بۆ مانەوەی هەموو جۆر و ڕەگەزەکان.



دیسان مەبەستمان ئەو جۆر و ڕەگەزانەن، کە هەڵگری توخمی ئیستاتیکان، چونکە ئەوانەی هەڵگری ئەو توخمە نەبن، لەژێر کۆنترۆڵی هونەردا دەرناچن و ناگەنە لای ئێمە. ئەگەر لای (پلاتۆن) جەستە لەناو دەچێت و ڕۆح دەمێنێتەوە، دەمێنێتەوە و دوای گەیشتنی بە دنیای ئایدیاڵ بۆ جەستەیەکی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەوا لە دنیای تۆدا جەستە لەناو ناچێت، کاتێک هەڵگری توخمی ئیستاتیکایە. کەواتە (جەستە گۆڕستانی ڕۆح نییە وەکوو (پلاتۆن) بە گۆڕستانی ڕۆحی دەزانێت، بەڵکوو جەستە خۆی زمانی ڕۆحە و لەگەڵماندا دەدوێت. یان وەکوو (مێرلۆپۆنتی) پێی وایە جەستە نەک شتێک نییە لە خۆمان جیاواز بێت، بگرە هەر خۆمانین و ئەو ڕێگایەمانە، کە تەعبیری پێ لە خۆمان دەکەین. ئەگەر جیاوازی لەنێوان ئێمە و جەستەماندا نییە، بەهەمان شێوە لەنێوان جەستە و شتەکانیشدا نزیکی و لەیەکچوون هەیە و یەکتر تەواو دەکەن. لە ڕێگای تێگەیشتن لە جەستەی خۆمانەوە، لە دەوربەرمان تێدەگەین. هەر دەربڕینێک لە جەستە، هاوکاتە لە دەربڕین لە دەوروبەر، بۆیە هونەر وەکوو شێوازێکی دەربڕین، بەرهەمی ئەو کۆنتاکت و ئەزموونەیە. دەگەینە ئەوەی بڵێین جەستە لای تۆ ڕێگایەک نییە بۆ دەربڕینی خود، بەڵکوو هەر خۆی خودە. لە یەک کاتدا (من) و (ئەویدیکە)یشە. کەواتە جەستە مانایە، بەوەی ڕووبەرێکە بۆ بەرهەمهێنانی زیاترین وێنە. جووڵەی

جەســـتە تەنیا بۆ ئەوە نییە جیاوازییەکانی خۆی نمایش بکات و لە بوونی خۆیمان ئاگادار بکاتەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەیشـــە ڕووبەرێکی نەزانراو لە دەوروبەر ئاشـــکرا بکات. ســەیر نییە ئەگەر تۆ زۆربەی کات جەســتە بەڕووتی، یاخود با بڵێین لە دۆخی ســروشــتیی خۆیدا پیشــان دەدەیت، بەو مەبەســتەی ڕاســتەوخۆ جەســتەیەک لەگەڵ جەســـتەیەکی دیکەدا بدوێنیت، بەبێ پەنابردنە بەر هیچ ئامرازێکی پۆشـــینی وەکوو قوماش. بەپێی ڕوانینی (مێرلۆپۆنتی) ئەزموونی جەســتەیەک لەگەڵ هیی جەســتەیەکی دیکەدا هەمان شــتە و بۆئەوەیە، کە بڵێن هەردووکیان بوونیان هەیە. بە مانایەکی دیکە کۆنتاکتی ئێمە لەگەڵ (ئەویدیکە)دا، کۆنتاکتە لەگەڵ خۆماندا. ڕوانینی تۆ بۆ جەســـتە زیاتر لە ڕوانینی فینۆمینۆلۆجییانەی (میرلۆپۆنتی)یەوە نزیکە، بەوەی بەردەوامبوونی جەســـتە لەناو گەردووندا بەردەوامبوونێکی ســـەبجێکتیڤە، نەوەک ئۆبجێکتیڤ وەکوو ئەوســـا لەگەڵ (تیۆریی پەرەســـەندن)ی (داروین)دا بەراوردمان کرد، بەتایبەتی لە چەمکی (زۆربوون)دا. ئەگەر ئێمە لای تۆ زۆربەی کات جەستەمان هەیە و پۆشینمان نییە، ئەوە ڕێک لە بەرانبەر ئەو کۆنسێپتەدا خۆمان دەبینینەوە، کە دەڵێت جەستە هەر خۆی زمانە. بەکارهێنانی گەڵا بە مەبەستی پۆشین لەجیاتیی قوماش و هەر مەتیریەڵکی دیکەی کیماوی، لەسەر ئاستی سیمبۆلدا پیشاندانی جەستەیە لە دۆخی سروشتیی خۆیدا، وەکوو پێشـــتر ئاماژەمان پێ کرد. لەو دۆخەی، کە جەســتە هێشــتا لە ســروشــت جیا نەبووبووەوە و بەشـــێکی دانەبڕاو بوو لێی. وەکوو ئەوەی لای (داروین) باس کراوە. دەگەینە ئەوەی بڵێین ناکرێت باس لە بەرهەمی تۆ بکەین و باز بەســـەر چەمکی جەستەدا هەڵبدەین.



پیشـــاندانی جیاوازیی ســـەر، یاخود دەموچاو لەگەڵ باقیی جەســـتەدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری تۆ، کە دەتوانم بڵێم لەپشـــت ئەم پرۆســـێســـەوە ئاگاییەکی فەلسەفی هەیە. ئەمە پرۆسێسی گواستنەوەی دەستەڵاتە لە بایۆلۆژییاوە بۆ وێنە. لێرەوە جەســـتە بەپێی یاســـاکانی بایۆلۆژیا بەڕێوە ناچێت، بەڵکوو دەکەوێتە ژێر دەســـتەڵاتی وێنەوە. لە ڕێگای ئەو پارادۆکسەی نێوان دەموچاو و باقیی جەستەوە خۆمان لە بەردەم ڕاچەنین و تێرامانێکی قووڵدا دەبینیەوە. ئەگەر ناو لە دەموچاو بنێین (بەشی سەرەوە)، بەو مەبەســـتەی لە (بەشـــی خوارەوە)ی جیا بکەینەوە، کە لە ملەوە دەســـت پێ دەکات، ئەوا دەڵێین کاتێک هەوڵ بدەین لە ڕێگای بەشـــی خوارەوەوە بەشـــی ســـەرەوە بهێنینە بەرچاو، بێگومان بە لاڕێدا دەچین، بەوەی لە بەشـــی خوارەوەدا هێز و چالاکی بەدی دەکەین، لە کاتێکدا لە بەشـی سـەرەوەدا بێهێزی و خەمناکی دەبینین، هەر دەڵێی لەگەڵ دەموچـاوێکی دیکـەدا جێگۆڕکێی پێ کراوە و وەکوو حـاڵـەتێکی میتـامۆرفۆزی دەرخراوە. ئەو کەرەســـتانەی لەم پرۆســـێســـەدا بەکار هاتوون، ڕەنگ و هێڵن، کە جیاوازییەکانیان لەســـەر جەســـتەدا پیشـــان داوە. لە بەشـــی خوارەوەی جەســـتەیشـــدا هەڵوێستەیەک دەکەین، کە تۆ زۆرینەی کات سنوورەکانی جەستە دەسڕیتەوە، بەوەی شتەکان لە ئاستی بینینی فیزیکییەوە بۆ ئاستی خەیاڵ دەگوازیتەوە. بە مانایەکی دیکە، ڕێگا نادەیت جەستە بخەینە ناو چوارچێوەی بینینمانەوە، لە کاتێکدا خۆت نەتخستووەتە ناو هیچ چوارچێوەیەکەوە. ئەمە هەر تایبەت نییە بە جەســـتەی گیانلەبەرەوە، بەڵکوو جەستەی شتەکانیش دەگرێتەوە، وەکوو پێشتر گوتمان لە ڕوانگەی (مێرلۆپۆنتی)ـــەوە جیاوازی لەنێوان جەستە و شتەکاندا نییە.



لێرەوەیە مێژوو لای تۆ پێکهاتەیەکی هەمەئاڕاستەی هەیە. واتە ئەو سیستەمی کرۆنۆلۆژییایەی، کە مێژووی فەرمی لەسەری وەستاوە، لەژێر زەبری هێڵ و ڕەنگدا تێک دەشکێت و بێژمار ئاڕاستەی دیکە بەرهەم دێت. بە مانایەکی دیکە، ناکرێت خاڵێک بۆ سەرەتا و یەکێک بۆ کۆتایی دەستنیشان بکەین، بەڵکوو وەکوو پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، لەناو ئەو کاتە بازنەییەدا شتێک نامێنێت بە مانای گەڕانەوە. ئەوەی هەیە ئاڕاستەیە لە وێنەیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بەبێ ئەوەی بتوانین لە ڕووی مێژووییەوە یەکێکیان بخەینە پێش ئەوەی دیکەیانەوە. ئەو تەکنیکی (زۆربوون)ـە، واتە بوونی ئاڕاستە لە وێنەیەکەوە بۆ هەر وێنەیەک لە وێنەکانی ناو ئەو بازنەیەدا، دەمانخاتە ناو سیستەمی گێڕانەوەوە، وەکوو ئەوەی لە ئەدەبی گێڕانەوەدا دەیبینین. جیاوازییەکە لە ئایکۆندایە، کە لە نووسینیدا تیپەکان و لە هونەری شێوەکاریدا هێڵ و ڕەنگ و فیگەرەکانن. سەیر نییە ئەگەر یەکێک لە کارەکانت دووانزدە تابلۆی لە شێوەی لوولەی وەکوو قوماش بێت، کە بە مانای یادەوریی ساڵێک کێشاوتن. هەر ئەم شێوە لوولەییە خۆی دەلالەتی بێسنووریی کاتە، بەوەی لەسەر ڕووی لوولەکدا ناتوانین شوێنێک بۆ سەرەتا و یەکێک بۆ کۆتایی دەستنیشان بکەین. لێرەدا ئێمە لە بەردەم شێوازی گێڕانەوەی فرەدەنگی (پۆلیفۆنی Polyphony)داین، بەوەی هەر کارەکتەرێک دەنگی سەربەخۆی خۆیی هەیە.



ئەگەر لە (تیۆریی پەرەسەندن)ی (داروین)دا هیچ نەوەیەک لە نەوەی پێش خۆی و هیچ لقێک لە سەرچاوەکەی ناچێت، ئەوا ئەو چەمکە لای تۆ لە شێوەی عیشقدا دەردەکەوێت، کە بە مانا پلاتۆنییەکەی ئەو عیشقە بە جارێ هەڵگری دژایەتی (Contradiction) و ململانێ (Conflict)یە. وەک سەرنج دەدەین لە هەر زۆربوونێکدا دوو توخم لەناو یەکدا دروست دەکەیت، کە لە لایەک لە یەکتر دەچن و لە لایەکی دیکە جیاوازن. ئەو دووانە باوەش بە یەکدا دەکەن و لە ڕێگای ئاماژەکانی جەستەوە دایەلۆگمان لەگەڵ دادەمەزرێنن، کە ئەم دایەلۆگە وەکوو (میکایل باختین) دەڵێت مەرجی بوونی فرەدەنگییە. ئەگەر لە ئەدەب و هونەری ئێمەدا هەمیشە جەستەی مێیینە لە ڕێگای خەیاڵی نێرینەوە ئامادە کراوە، یاخود هێنراوەتە بەر چاو، ئەوە لای تۆ هەردوو ئاڕاستەکە لەناو ئەو سیستەمی فرەدەنگی و فرەڕەنگییەدا پێکەوە هەن، بەڕادەیەک ئاسان نییە سنووری جەستەی مێیینە و نێرینە لە یەکتر جیا بکەیەتەوە، کە وەکوو گوتمان لەناو گوتاری عیشقدا بوونەتە یەک.



**سەرچاوەکان:**


1- Darwin, Charles, Arternes Oprindelse, oversat af J. P. Jacobsen, Jørgen Paludans Forlag, 1990.

2- Merleau-Ponty, Maurice, Om sprogets fænomenologi, Udvalgte tekster, Oversættelse, forord og indledning ved Per Aage Brandt, København, 1999.

3- Thøgersen, Ulla, Krop og fænomenologi, En introduktion til Maurice Merleau-Ponty filosofi, Danmark, 2004


